# کۆنفرانسی کۆچی کوردان:

## لەپاشکۆیەتییەوە بۆ رێکخستنەوەیان لە وڵاتان

27 ئایاری 2016، لە زانکۆی میدڵ سەکس لە لەندەن/ بەریتانیا

May 27, 2016, Middlesex University, London, UK
Call for abstracts – Deadline: February 1st

نەبوونی وڵاتی دایك بووەتە هۆی ونبوون و دیارنەبوونی پەنابەری کوردی، هەم لەبەرچاوی دەولەتەوە (شەقامی گشتی) و هەمیش لەژینگە ئەکادیمییەکانی ئەو وڵاتانەی کە تێدا نیشتەجێن، کە ئەو پەنابەرانە لەسەر بنەمای نەتەوەیی وڵاتەکەیان تۆمارکراون، نەك لەسەر بنەما رەگەزی و نەتەوەیی ئەسڵی خۆیان. لە دەرئەنجامی ئەو شێوازە تۆمارکردنەدا، پەنابەری کوردی زیاتر لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە تێدا ژیاون ناسێنراون و پۆلێنی نەتەوەییان بۆ کراوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پەنابەرە کوردەکان، کەمتر ببنە جێی بایەخ و گرنگی پێدانی دەولَەت و ناوەندە ئەکادیمییەکان. هەرچەندە هاوڵاتیانی ناوخۆیی و جوڵانەوە کەلتوورییەکان هاوشان لەگەڵ رێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی ئەو وڵاتانەدا، پێکەوە کاریان لەسەر زەقکردنەوەو دەرخستنی کوردانی تاراوگە کردووە و سەرنجی ئەوانی دیکەیان بۆ راکێشاون. دوابەدوای ئەو جوڵانەوانەش، لەساڵانی رابردوودا، کارکردن لەسەر پرسی کوردانی تاراوگە بەشێوەی تیوری و کردارییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆی بینیوە.

بۆیە کۆنفرانسی کۆچی کوردان لە ساڵی 2016 دا، ئامانجی کۆکردنەوەی توێژەرانە کە لەبوارو پسپۆرە جیاجیاکاندا لەسەر کوردانی تاراوگە کاردەکەن، تا بتوانن ئاڵوگۆری توێژینەوەو دۆزینەوە نوێکانیان و شارەزاییەکانیان دەربارەی هۆکارەکانی کۆچکردنی کوردان لەخاکی خۆیانەوە بۆ وڵاتانی دیکەو بەپێچەوانەشەوە گەرانەوە بۆ وڵات تاوتوێ بکەن و پێشکەش بکەن.

### بێژەرە سەرەکییەکان:

- پرۆفیسۆر فلۆیا ئەنزیاس لەزانکۆی ئیست لەندەن/بەریتانیا ( Prof Floya Anthias University of East London, UK – TBC)
- پرۆفیسۆر ژان هۆڵگەیت لەزانکۆی لیدز/ بەریتانیا (Leeds University, UK )
- د. مینۆ ئەلینیا لەزانکۆی سۆدێرتۆرن/ سوید (Södertörn University, Sweden)

## چۆنیەتی پێشکەشکردنی پوختەی توێژینەوەکە:

بەرێزەوە هانی توێژەران دەدەین کە بەشداری کۆنفرانسەکە بکەن و هاوکار بن، لەرێگەی پێشکەشکردنی پوختەی کار و توێژینەوەکانیان. چوارچێوەی کاری کۆنفرانسەکە کە دەربارەی کێشەکانی کۆچی کوردانە لەخاکی خۆیانەوە بۆ وڵاتانی دیکەو بەپێچەوانەشەوە گەرانەوەیانە بۆ نیشتیمان، ئەم ناونیشان و بوارانە لەخۆ دەگرێت:

## ئەم ناونیشان و بوارانەی کەجێگای گرنگی پێدانی کۆنفرانسەکەن، هەرچەندە سنووردداریش نەکراوە تەنها بەم ناونیشانەوە، ئەمانەن:

- کۆچکردن، رەگەز، هاووڵاتیبوون، لایەنگیری و ناسنامەی سیاسی ( Migration, ethnicity, citizenship, belonging and identity politics)

- کۆچکردن، بازاری کار، رێکخستنی بازار و برەودان بەبیری ئابووری نوێ ( entrepreneurship and economic integration)

- کۆچکردن، شارەزایی جێندەریی لەگەڵ سێکس و دەرهاوێشتەکانی ( Migration, gendered experiences, and sexuality)

- سروشت و رەفتاری خێزان و پەیوەندیی نێوان نەوەکان ( Family dynamics and intergenerational relationships)

- کۆچکردن، میدیا و کەلتووری سیاسی و نوێنەرایەتی خۆیی ( Migrants, media and translocal cultural politics and representations)

- بەشداری سیاسی، نێتوێرکی دیجیتاڵی و رێکخراوەکان (digital networks and organizations)

- پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ/یان هەناردەکردنی (تحویل) پارە ( Transnational ties and/or remittances)

- کۆچکردن، یاسا، بارودۆخی یاسا، مافەکان لەگەڵ کۆچکردنە بێ تۆمارەکان ( Migration, law, legal status, rights, and undocumented migration)

- کۆچکردنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، سنوورەکان و خاکە سنوورییەکان ( Internal and international migration, borders and borderlands)

- جیاکاری و رق لێبوونەوە لەهەگبە و چیرۆکەکانی کوردانی تاراوگەو چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیان (Discrimination and xenophobia and diasporic narratives of Kurdish resistance)

- پەنابەری و کێشەکانی ئاوارەبوونی ناوخۆی (Refugee and internal displacement issues)

- چوارچێوەی کارو تیورییەکانی کۆچکردن (Migration theories and frameworks)

- رێگاو شێوازەکانی توێژینەوەو کۆچکردنی کوردان ( Research methodology and Kurdish migration)

**چۆن توێژینەوەو بیرۆکەکانت پێشکەش دەکەیت بۆ پەسندکردن؟**

تکایە پوختەی توێژینەوەو بیرۆکەکانت (بەزمانی ئینگلیزی)، کە نابێت لە 300 وشە زیاتر بێت، لەرێگەی ئەم لینکەوە پێشکەش بکە:

www.mdxmigration.wordpress.com/kurdishconference2016 /

**تێبینی:** بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسە هیچ برە پارەیەك وەرناگیرێت بەڵام سەرجەم کەس و لایەنی بەشدار دەبێت خۆیان خەرجی و رێوشوێنی مانەوەیان و گەشتکردنیان لەئەستۆ بگرن.

**بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بەرێکخەرانی کۆنفرانسەکە:**


- د. ژانرۆژ یەڵماز کەلەس Dr Janroj Yilmaz Keles: J.Keles@mdx.ac.uk
- د. ئەلیسۆ دیئەنجیلۆ Dr Alessio D'Angelo: a.dangelo@mdx.a.uk


کاتەکانی پێشکەشکردن و کۆتایی هاتن:

- کۆتا کاتی پێشکەشکردنی پوختەی بیرۆکەو توێژینەوەکان: 2016/02/01
- کاتی وەرگرتنەوەی وەڵامی پرۆژە پەسندکراوەکان: 2016/02/19
- کاتی بەستنی کۆنفرانسەکە: 2016/05/27

*** ئەم کۆنفرانسە لەلایەن سکولی ئابووری و سەنتەری توێژینەوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی زانکۆی میدڵ-سەکس (the Business School and the Social Policy Research Centre at Middlesex University) و بەهاوکاری پەیمانگای بەریتانی بۆ خوێندنی عیراقی رێکخراوە**

Middlesex University London

SPRC At Middlesex University

The British Institute for the Study of Iraq, Gertrude Bell Memorial